سوبعەت تاسەر ئێسقان

124
ژمـــــاره

گەپ- مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم ژمارە(١٢٤) ٢٥/٥/ ٢٠١١
بەکاتی ئاشبوونەوە بەشەرتی پشت کردنە یەکتر

www.gep-media.com
Email:gepgovar@yahoo.com

غەمبارم ڕەنگم مۆرە.. عێراق داهاتی زۆرە.. بودجەی هەرێم شەفافە.. دەبا بیخۆین بە نۆرە لە بەغدادی سیلاوی.. لەسەر پۆستی شیلاوی.. خەریکن یەکتر ئەخۆن.. نووری و ئەیاد عەلاوی حوکمەت و موعارەزە.. عەینەن یەک لوتیان بەرزە.. ئەمیان خۆی پێ ڕەوایەو.. ئەویان قسەی خۆی فەرزە ئەم ڕازی و ئەویش ڕازی.. دە لاچۆ ئەڵێی قازی.. باوی خاڵ خاڵێن نەما.. بێنن قاپێ چاکسازی




کاریکاتێر: سەردار کێستەیی

کاریکاتێری:
خضير الحميري ..ل١٥



غەڵبەغەڵب



محەمەد قادر

# عەیب لە چاوی حوکمەتدا نییە!

ئەم حوکمەتە فول دیموکراسی و نەزیهـ و نەزهەت و عادیل و تەعدیلچییەی خۆمان هەمیشە سەرو بن و هەردوو لاتەنیشتی زمان و دەمولەبزی لیکی چاکسازی و ماکسازی و سوێندسازیی لێ دەچۆڕێت، بێ ماندووبوون موکوڕە لە بەدوبەی و بەسوید و بەئەورووپا و بە بەهەشتکردنی هەرێمەکەمان، خوا دەست بە باڵییەوە بگرێ خۆ ئەوەندە دڵ و دەروون نەرم و ساف و لووسە، مەگەر ئەو خوایە بزانێ لە ئەدەبیات و فەرهەنگیی ئیداریی هیچ وڵاتێکدا لە وێنەی نییەو نابێتەوە.

کەچی ئەو خۆپیشاندەرو خۆدەرخەرو سەرەخەرە بەردو هەڵمات و دروشم وەشێنەرانە لە خوتو خۆڕایی جادەکانییان تووشی ئیختیناقی مروروری کردووەو دەیانەوێ بەزەبری دارلاستیک و مانگرتن و داخ کردن و دەوام ڕاگرتن و موحازەرە هەڵپەساردن، ئەو نیازپاکی و دەستپاکی و داوێنی پڕۆژە پاکییەی حوکمەتە مەحکومە حوکمدراوە غەدرلێکراوە قوڕخکراوە دووقڵیش کراوەکەمان بە گەندەڵی و مەندەڵی و دوو فاقی تۆمەت و بەردو و تەسریح و جنێوو بەیاننامەو گێچەڵ باران دەکەن، گوایە لایەکی بەخێر لەو ئۆمەتە ناکاتەوە.

ئەگەر بە چاوێکی زەق و چاویلکەیەکی توبییەوە تەماشای هەوڵەکانی ئەم دووایییەی حوکمەت بدەین، بەرائەتی ئەم حوکمەتەو خەباسەتی خۆمانمان بۆ ئاشکرا ئەبێت، بڵێن بۆ؟

* ئەی ئەوە نییە حوکمەت لە ڕاپۆرتی بودجەدا(کە لە شەفافیدا توکی بن باڵ و زمانە بچکۆلەو ترشەڵەکی ناو ماعیدەو ریخۆڵەکانیشی دیارە) بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا ئەڵێ: 12 ملیار دۆلار داهاتی کوردستانە لە نەوتی عێراق! ئینجا نەوتەکەی خۆمان و گومرگەکانی هەرێم و داهاتی کرێی ئاو کارەبا و باج و دەرامەت خۆیان بێ داهاتن و بە خۆڕایی خراونەتە خزمەتی هاوڵاتیان، ئیتر ئەو فەقیرە قوڕی کوێ بکات بەسەر خۆیدا؟

* ئەی مەگەر نابینین چۆن حزبەکانی ناچار کردوە موڵک و ماڵی حکومی ئەگەر بە کەلاوەییش بێ تەسلیم بکەنەوەو ماڵیان ئاوابێ بۆ ئەو دەستپێشخەرییە و تەنانەت خەڵک و خواو دادگا و پیاوچاکان کەوتونەتە بەینیان بە هەزار فەلاکەت ڕازییان کردوە کە لەسەر ئەو 20 ساڵەی داگیریان کردووە، حوکمەت تۆڵەی یاسایی و ئیداری و ئابوورییان لێ نەکاتەوە؟!

* ئاخر ئەوەتانێ بەبەر چاوی هەموو ڕێکخراوە مەدەنی و عەسکەری و یاسایی و ناوخۆیی و نێودەوڵەتییکانی دنیاوە زۆر دڵ سافانەو بەوپەڕی ڕێزەوە خۆپیشاندەرە قوڕمساغە تەعداکارەکان سەرەڕای خەرقی یاسای خۆپیشاندان تەنها بۆ 3-2 ڕۆژ تەوقیف ئەکات و دواییش بۆئەوەی دڵی لەتلەت و کونکون نەبێ بۆیان و زیندانی نەکرێن، هەر خۆی و بە ناچاری (چی بکات؟ ڕۆڵەی خۆیانە) بە بێ ترو منەت و بێ ئاگاداری خۆیان غەرامەی کەفالەتیان بۆ ئەدات و هەر بەزۆر سەرفی نەزەریان لێ دەکات و بەریان ئەدات؟!

* ئەوەتا لە بودجەی ئەمساڵدا70% ی بودجەیان بۆ بەکاربردن و مووچەو دامەزراندنی 25 هەزار فەرمانبەرو پێدانەوەی قەرزی مووچەی جیاوازی نێوان هەولێر و سلێمانی(کە تەنها لێیان تێکچووبوو و نەیادابوونێ)و سلفەی زەواج و عەقارو حەفلەی خۆش خۆش بۆ زەوق و شەوق و ڕەوقی هاوڵاتیان داناوە ، کەچی پەرلەمانتارانی ئۆپۆسزیۆن و هەندێکی دەسەڵاتیش عەرقەلەیان تێخستووەو نایەڵن ئەم خێروبێرەی حوکمەتمان پێ بگات و نۆشی بکەین!!

* ئەوەتا ئەوەندە دڵسۆزە خۆی خستۆتە بەر شاڵاوی گلەیی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆیان تەشهیر و تەجریحی داروبەرد بکەن و پۆلیس و عەسکەرو ئاسایش لاچاویان بۆ نەکاتە تەماتەی تەپیو، ئەوەتا بە سەندیکاری ڕۆژنامەنووسانیش دڵی ئاوناخواتەوەو دەیەوێ ئەنجوومەنێکی باڵای دڵسۆز و هاوسۆز و پشت و پەناو دەست بە باڵەوەگرتوویان بۆ تەعین بکات.

ئیتر بۆ نانێ ناخۆن و دانەیشکیش ناکەنە ساقەسەری ئەم کابینە دڵسۆزەی هاوڵاتیان و دانێکی خێری پێدا نانێن؟! وەڵڵا بابە عەیب لە چاوی مزمەعیلا هەبێ ، لە هی حوکمەتدا نییە!!

سەرکاتێر خضير الحميري





رەوف حەسەن

rauf1945@yahoo.co.uk

Tel: 0770 153 63 97

# تسۆنامی و جاکیشان و ئەخلقائید !

شاعیرێکی ناسراومان، لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئاسۆ ژ١٤٣٤ی ٣٠ ئازاردا، بەم دو چاوانەی خۆم دیم. بە وێنەی خۆیو دەستخەتی خۆیەوە -نەوەک بڵێن هەڵەی چاپەمەنییە!- بە ناونیشانی (سۆنامی). شیعرێکی بۆ شۆڕشگێڕانی لیبیاو دژی (قەزافی) بڵاوکردەوە. زۆر زیرەکانە! چەکدارانی لیبیای بە (سۆنامی)ێکەی ژاپۆن شوپهاندبو، قەززافیش بە هاوڵاتیانی ژاپۆن. حەزدەکا ئەوان بەشاڵاو وەک (سونامی) بێن و، قەزافی و کیتابول ئەخزەرەکەی نغرۆبکەن.

ئەگەر ڕاستتان دەوێ، من لەمێژە شیعر خوێندنەوەو سەیری دوگۆڵی و تەراویحی بەر سینەماکەی نیوەڕوانی هەینیم تەرککردوە، وێڕای ئەمانەش، تائێستەش ناتوانم سەرسامی خۆم بەو شیعرەوە بشارمەوە. داوا لە شاعیرانی ناسراوی عەسەبی و نەناسراوی ناڕازیش دەکەم پێڕەوی بکەن. چونکە شیعری نوێ و سەردەم دەبێ وەک ئەو شیعرە دو دیوبێ. وەک (خورمژ)و (بامێجان)! تا کەس نەزانێ ئاخۆ قەززافی فریشتەییێکە وەک منداڵە قوربانییێکانی دەستی سۆنامییێکەی ژاپۆن و ئەو عەقید موعەممەرە عەمردرێژەی لیبیا، لە زانست و تەکنۆلۆژیاو حەزارەت و داهێناندا بۆڕی ئەوروپاو ئەمەریکای داوە؟ یاخود شۆڕشگێڕانی لیبیا ئەوەندە دڕندەو بەربەریو وەحشین، کتومت لە کارەساتە سروشتییە دڕندەو کوێرانەو شێتانەکەی سۆنامی دەچن، کە شارستانێتی ڕادەماڵی و، داهێنانە مەزنەکان ژێرەوزەبەر دەکاو، ژنو منداڵو کەسانێکی کارگەرو بێوەی دەکوژێ و، لانەو ماڵ وێران دەکا؟! دەبێ شیعر وابێ و کەس سەری لێدەرنەچێ و کەس نەزانێ ئاخۆ ئەمە پشتگیری و داکۆکیکردنە لە چەکداری دڕندەکانی لیبیای دژ بەگەندەڵی ئەخلقائید، یان پیرۆزکردنی شەخسی دیکتاتۆرە ٤٣ساڵ حوکمڕانەکەیە!؟

کەواتە گلەیی بێ.. گلەیی بێ.. گلەیی! خۆ ئێوە چەندین ساڵ خەریکی ئەوەبون کیتابە قەرسیلییێکەی بکەنە کوردیو تا کوردی حوکم و ئەزمون و دۆ نەدیو، لەو هەمو فیکرو فەلسەفەو دیموکراسی و چاکسازی و نازانم چییەی جەماهیری بەهرەمەندبێ. نا ئەوە ئێوە نەبون دەتانوت بودجەی بۆ هەموو حیزبە کوردییێکانی دنیا داناوە، حاشاوەلیلڵا ئێوە نەبون سوێندتان دەخوارد گوایێ دایکیشی کوردە؟! چوار ڕێیانێکی گەورەی شارەکەشتان بەناوی ئەو موعەممەرە عەمرکورتەوە ناونابو؟ بەس نەبو لەبار دایکە هەمەوەندەکەی نەچوبوو. دەنا نەمان دەتوانی ناوی دوڕێیانەکەی سەرچنار بکەینە درێژترین ناونیشانی ڕێگەوبان لەجیهانداو بەوەش سلێمانی توانی ژمارەی ئەندازەیی (ڕەقەمی قیاسی) لەو بارەیەوە بێشک بشکێنێ و، بیبەزەییانە ببەزێنێ!

تەنانەت (سەلیم زەنجیر) ناوێک. لە کەناڵێکی TVیەوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی شیعرە قەمورەکە دەفەرموێ: دیکتاتۆرەکان گوێ لە (سونامی!) میللەت ناگرن! بە ناوەکەیدا وادیارە.. وای نیازبێ.. ئەوەی گوێڕایەڵی سۆنامی نەبێ و پەندی لێوەرنەگرێ. ئەوا ئاپۆ سەلیم بۆخۆی زەنجیری دەکات. من پێمباشبو سەمەندۆکی بکات، وادیارە (زەنجیر) نازانێ سەمەننۆک چییە! بۆیێ دەتوانم سێبەسێ تەڵاقی بارام بەگ بخۆم ، ئەمانە زۆر بلیمەتانە، (سۆنامی)و قومبەلە ئەمەریکاییەکانی هیرۆشیماو ناکازاکی لێکجیاناکەنەوە. وادەزانن ئەمیش هەر بۆ تەفروتوناکردنی ئەو ژاپۆنیانەیە دۆستی هێتلەر بون.

بەهەر حاڵ، پێویستە ئەو شاعیرو سیاسی و تێکۆشەرانە دەمودەست فریاکەونو قەسیدەییێکی توڕەو عەسەبیو ناڕازی دی، دژی هونەرمەندی سینەمای ئەکشن (جاکیشان) دانێن. چونکە لە (هۆنگکۆنگ) ئاهەنگی کۆمەککردن بۆ لێقەوماوە ژاپۆنیانییێکانی ئامۆزای قەزافی دەگێڕێ، تا پاشگەزبێتەوە. ئەگەر زۆریش قیرسیچمە بو. ئەوا من فێڵێکتان فێردەکەم. دەتوانن بەئاسانی بیخلەتێنن.. پێیبڵێن: کاک (جاکیشان) تۆش لەخۆمانی.. لە خانەوادەو ماڵباتی گۆرانییبێژ (ئایشێشان)یت!

GEP
Karikatur Magazeen
No:124 25th May 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

# ئەیکەم و نایکەم ...

باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

کردن فرمانێکی ئێستا یان داهاتووە، حەسەب ئەقڵی بەشەر چۆنی ئەکات یان نایکات، ئەوە مافی دەستووری تاکی کۆمەڵگەیە بەعام، بەڵام عومومەن وەعددان بە کردن یان نەکردن لەسەر ساحێبەکەی ئەکەوێت بە تایبەتی لەناو جەماعەتی سیاسیەکاندا ....

• هەیە پێش ئینتخابات هەمووی کردنەو یەک زەڕڕە ناچێت بەلای نوونەکەدا، لە ئاکامدا هەموو گیانی ئەبێت بە نووووون و نەتیجەکەش قبوڵ ناکات و حەزیشی لە مەعاشی پەرلەمانە..

• هەیە ئەوەندە گیرو لەزگەیە بە قەراری نەکردنەوە، ئەگەر زۆری لێ بکەن بڵێن هەر ئەبێ شتێک بکەیت، ئەویش وەعدی ئەوە ئەدات کە ئەوە ئەکات کە نایکات !

• هەیە تا دەستی بگاتە کورسیەکە بە دڵ و بە گیان ئەیکات، کەزانی بووە بە ئۆپۆزسیۆن، بە زمانیش نایکات ..

• بەعزێکیان سەربان و بن بانی مەقەڕەکەیان پڕکردووە لە کۆتری ئاشتی، کە دێتە سەر سوڵح و تەسالوح، یەکسەر ئەڵێ: ئەوە کۆتری کڕین و فرۆشتنی دەنگن، نەک کردن!

• هەیانە لە بیستوچوار سەعاتدا زمانی خەریکی کردنە، کەچی دەستی بستێک حەرەکە ناکات ..

• ئەم گەمەی کردن و نەکردنەی مەلعەبی سیاسەت کێشەکەی ئەوەیە دەسەڵات دێتە ساحەکەوە، موعارەزە یاری ناکات، موعارەزەش یاری بکات، دەسەڵات ئەڵێ: من کردم تۆ نەیکەیت! کە ئەشرواتەوە دەڵێن : حسابی بۆ هاندەران نەکرد ..

• لە کردن و نەکردنی سیاسەتدا، ئەوەی پێی ناکرێت دەنگی زوڵاڵ ترە لەوەی ئەیکات، چونکە نەکردن سەرسووکیەو کردنیشی مەسئولیەتە، بۆیە مەعەدەل ئۆپۆزسیۆن بریقەی سمێڵی دێت.

• هەیانە هەر بەپێوە ئەیکات.. وەک موزاهەرەی ئۆپۆزسیۆن، هەشیانە بەدانیشتنەوە دەیکات، وەک کۆبوونەوەی هەمەلایەنەی دەسەڵات ..

• کردنیش هەیە بە مەرجەو شەرتی خۆی هەیە و نازی ئەوێ و شوێنی ئەوێ و جەوێکی بەهەوەسی خۆی ئەوێ!

• هەشە ئەوەنە حەزی لە کردنەکەیە، ئەوەی گوێی نەداتێ شەرتوشروتە..

• بەعزێکیان، هەرچی نەسیحەتی ئەم دنیایە هەیە بیکەی بە مێشکیاندا هەر زەوقی کردنیان هەڵناسێ، کەچی ناشهێڵن کەسی تر بیکات ..

• هەیشە ساڵەهای ساڵە خەوی لێکەوتووەو مێش لە دەمی خۆی دەرناکات، کە کار لەکار دەترازێ، ئینجا بەتەمایە بە پەلەپڕوسکێ فریای کردنی بکەوێ.




بێ توانج

کاریکاتێر
سالم سەلیم